## " ئەی.. هانا "

زەمەن.. زەمەنی زاڵبوونی گریان وهەنسکە
بەسەرخەندەوحەزەمات وگیرساوەکان..
پژانی ڕەنگەساردەکانەبەسەرڕەنگەگەرمەکانی
نێوباوەشی حەسارەپڕلەئاهە ساردەکان..
ئەسەف، ئەی.. هانا .!
ئەسەف بۆپیاسەکانی تەنیایی
ئەسەف بۆتێکدانی هێلانەی ئەوکەناریەی
کەبەدیارگوڵاوی شیعرەوە
گۆرانی پیرۆزترین عەشقیان
بەگوێمادەچرپاند..
ئەوگۆرانیەی،لەهەچ کاتێکی بیستنی
یەك ڕاست دەچومەوەسەردەمی منداڵی
سەردەمی ڕاوەدونانی پەپولەو
ئەوپەڕی بەرائەتی..
ئەسەف.،ئەی.. هانا .!
ئەسەف بۆشێواندنی یاریەکانی منداڵی
ئەسەف بۆبۆگەن بونی
هەنارەکانی نێوزەمیلەی گەردوون
کەبۆباڵەفرکێی
پەپولەباڵنەخشینەکانی بوون
سترانی عەشقیان بۆ
پەلکەزێڕینەوئێواران تۆماردەکرد..
ئەی.. هانا
ئەوائێستاش بەدڵێکی پڕتامەزرۆو
دووچاوی بەزەیی ئامێزەوە..
بەدیارئاوێنەیەکی تەڵخەوە..
بۆووڵاتەکەم ڕادەمێنم
باڵندەیەکی زامدارو
سواڵکەرێکی ناوەختم..
بۆپارویەك حەنان و
دایلۆگێکی زگماکی
لەوپەڕی بێهودەیی دام..
ئاخر..!
بەدەست خۆم نەبوو
هەربەمنداڵی پیریان کردم..
دەك ژان بیانگرێ و
ژەنگ عەقڵیان بکرۆژێ

ئەی.. هانا
ئەوەتانێ ئێستاش
لە پەیمانگای بێدەنگیدا
بەپەنجەکانم دەدوێم..
دەسا.. ڕێگام بدە
بۆڕۆحەخەفەت ئامێزەکانم
بەم شەوی پڕساردویەڵدایە
لەجیاتی مۆمێ شیعرێکی پرچ سەوزداگیرسێنم
تائەوکاتەی..
بەچاوەکانم کۆتایی دەنوسمەوە..

ڕزگارکۆیی1998
ڕۆژنامەی(سەکۆ) بەرلین